Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.2023.10382

# هەڵسەنگاندنێکی جوگرافی بۆبەکارهێنانی زەوی شارنشینی لەشاری کەلار

**بنار حسن محمد[1]، کامران طاهر سعید[2]**

١- بەشی جوگرافیا، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان، هەرێمی کوردستانی عێراق
٢- بەشی جوگرافیا، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستانی عێراق

**Article Info**

| | |
|---|---|
| Received: | May, 2023 |
| Revised: | June, 2023 |
| Accepted: | July, 2023 |

**Keywords**

**بەکارهێنانی زەوی، سنووری شارەوانی، سنووری ئاواکاری**

**Corresponding Author**

Bnar.hasan@garmian.edu.krd
Kameran.taher@koyauniversity.org

**پوختە:**

توێژینەوەکە هەوڵێکە بۆ خستنەرووی کەتوار(واقع)ی بەکارهێنانەکانی زەوی شارنشینی لەشاری کەلاردا، کەشارێکی تازە گەشەکردووی هەرێمی کوردستانە و ساڵانە بەشێوەیەکی بەرچاو فراواندەبێت، لەرووی رووبەر و زیادبونی ژمارەی دانیشتوان بەتایبەتی لەدوای ساڵی (٢٠٠٣)دا، لەرێگەی میتۆدێکی شیکاری چەندێتییەوە،تیایدا داتاو زانیارییەکان بەسود وەرگرتن لەسیستمی زانیاریە جوگرافییەکان(GIS) شیکاریان بۆ دەکرێت، ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە دۆزینەوەی رووبەر و رێژەی هەر یەکێک لەبەکارهێنانەکانە، بەگوێرەی واقعی ساڵی(٢٠٢٢)، پاشان هەڵسەنگاندنیان بەگوێرەی پێوەرە ناوخۆیی و جیهانییەکان. لەپاش جێبەجێکردنی تەواوی هەنگاوەکانی توێژینەوەکە دەرکەوت؛ رێژەی بەکارهێنانی زەوی بۆ نیشتەجێبوون (٢٠٪) و گواستنەوە نزیکەی (١٦٪)، و بازرگانی دەگاتە (٣.٨٨٪)هەروەها بەکارهێنانی زەوی بۆ رێژەی سەوزایی بەهەموو جۆرەکانیەوە گەیشتۆتە نزیکەی(١٢٪)....هتد، ئەم ئەنجامانە دەریدەخەن بەشێوەیەکی گشتی بەشێکی زۆری بەکارهێنانەکانی زەوی لەناوچەی توێژینەوە لەگەڵ پێوەرە جیهانی و ناوخۆییەکاندا یەک دەگرنەوە یان نزیکن لێیانەوە.

## پێشەکی:

پرسی بەکارهێنانی زەوی لە شارەکاندا، پرسێکی گرنگی جیهانی شارنشینی دوای شۆرشی پیشەسازیی پێکهێناوە، ئەگەرچی رێژە و جۆری بەکارهێنانە جیاوازەکان لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر، لە کەلتورێکەوە بۆ کەلتورێکی تر دەگۆرێن، بەڵام جیهانگیری لە کۆتایی سەدەی رابردوو تا ئەمرۆ، وایکردووە شارەکان لە رووی پێکهاتە و بەکارهێنانی زەوییەوە لە یەکتر نزیکببنەوە و لاند سکێپ هاوبەشیان تێدا ببینرێت ، زۆرجار ماستەرپلان و بەکارهێنانەکانی زەوی لە بەشێکی وڵاتە تازەپێگەیشتوەکاندا، بە پێوەرە جیهانییەکان ئاراستە دەکرێن، بەڵام دواجار شار وەک شوێنی نیشتەجێبوونی کۆمەڵێک مرۆڤ، پێویستی بە رووبەری پێویست بۆ تەواوی چالاکییەکان دەبێت، تاوەکو بتوانێت خواستی زۆرینەی دانیشتوانەکەی فەراهەم بکات، بێجگە لەوەی شاری کەلار شوێنێکی گرنگی هەیە، هاوکات ناوەندی ئیدارەی گەرمیانی پێکهێناوە، زیاتر لە هەر شارێکی تری سەر بەئیدارەکە پێویستی بە پلاندانان و هەڵسەنگاندنی بەکارهێنانی زەوی دەبێت، بەو پێیەی زۆرترین خزمەتگوزاریی تێیدا چڕبووەتەوە و ساڵانە ژمارەیەکی یەکجار زۆر لەدانیشتووانی بەشەکانی تری ئیدارەکەوە کۆچ بۆ ئەم شارە دەکەن و تێیدا نیشتەجێدەبن، بۆیە ئەم هەوڵە زانستییەش لە هەمان سۆنگەوە سەرچاوەی گرتووە. ناوچەی ئاواکاری لە ناو شاردا دابەش دەبێت بۆ چەند بەکارهێنانێکی بنەرەتی، کە رەنگیداوەتەوە لە ئەرکە سەرەکییەکەی خۆیی، خزمەتی دانیشتووان دەکات یان دانیشتووانی هەرێمەکانی دەورووبەری، لەو ئەرکانەش وەکو نیشتەجێبوون و بازرگانی و کارگێری و ئاینی.....هتد، بە گەورەبوونی شار ئەرکەکەشی زیاتردەبێت وەکو بەکارهێنانی زەوی بۆ پیشەسازی، هاتووچۆ، تەندروستی، خۆشگوزەرانی، فێرکاری و بەکارهێنانەکانی تر. ئەم توێژینەوەیە جەخت دەکاتەوە لە سەر کەتواری بەکارهێنانی زەوی شارنشینی لە شاری کەلار لە ساڵی (٢٠٢٢) لە رووی رێژەی رووبەرەکەی لە کۆی رووبەری شار، وە بەراوردکردنی باروودۆخیان بەپێوەر و ستاندارده جیهانی و ناوخۆییەکانی (وڵاتی عێراق)، بە بەکارهێنانی تەکنیکەکانی بەرنامەی (GIS).

## کێشەی توێژینەوە:

١- ئایا بەکارهێنانی زەوی شارنشینی لە ناوچەی لێکۆڵینەوەکە بە شێوەی هاوسەنگ لەگەڵ فراوانبوونی شارەکە پێشکەووتووە؟
٢- ئایا بەکارهێنانی زەوی شارنشینی لە ناوچەی لێکۆڵینەوەکە گونجاوە لەگەڵ پێوەرەکانی پلاندانانی جیهانی و نێوخۆیدا؟

## گریمانەی توێژینەوە:

**١-** بەکارهێنانی زەوی شارنشینی لە ناوچەی لێکۆڵینەوەکە بە شێوەی هاوسەنگ لەگەڵ فراوانبونی شارەکە  پێشکەوتوونەبووە.

**٢-** بەکارهێنانی زەوی شارنشینی لە ناوچەی لێکۆڵینەوەکە گونجاونەبوە لەگەڵ پێوەرەکانی پلاندانانی جیهانی و نێوخۆییدا.

## ئامانجی توێژینەوە:

ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە هەڵسەنگاندنی ڕێژەی بەکارهێنانی زەوی شارنشینی لە ناوچەی توێژینەوەکەدا، لە پێناو دەستنیشانکردنی کێشە و کەموکورتییەکانی ئەم بەکارهێنانانە و تاوەکو زانیاریی پێویست بەخرێتە بەردەست لایەنە پەیوەندیدارەکان و پلاندانەرەکان، تا بتوانرێت لە ڕێگەیەوە چارەسەرێکی باش و گونجاو بۆ ئەم بەکارهێنانانە لە شاردا دیاریبکرێت و چارەسەری گونجاو بۆ کێشە و گیروگرفتەکان بدۆزرێتەوە.

## میتۆدی توێژینەوە:

لەم توێژینەوەیەدا پشت بەچەند میتۆدێک بەستراوە، کە لە زانستی جوگرافیادا پەیڕەودەکرێن، وەک بەکارهێنانی میتۆدی وەسفی شیکاری، جگە لە بەکارهێنانی هەندێک پێوەری پلاندانانی تایبەت بە بەکارهێنانی زەوی لە شاردا، سەرەڕای پشتبەستن بە سەردانی مەیدانی و چاوپێکەوتن.

## سنووری توێژینەوە:


ا- سنوری شوێنی:

شوێنی ئەسترۆنۆمی شاری کەلار دەکەوێتە نێوان بازنەکانی پانی ("13'58°٣٤) ("32'27°٣٤)ی باکوری گۆی زەوی و هێڵەکانی درێژی ("32'16°45) ("52'21°45)ی ڕۆژهەڵات، بەگشتی ڕووبەرەکەی دەگاتە نزیکەی (٢٩٣٥.٢) هێکتار و پێکهاتووە لە(٣٤) گەڕەکی نیشتەجێبوون، شاری کەلار دەکەوێتە ئەوپەڕی باشوری ڕۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستانەوە بەشی باشووری ڕۆژهەڵاتی پارێزگای سلێمانی پێکدەهێنێ وە دەکەوێتە بەشی باکوری خۆرهەڵاتی عێراق وەک لەنەخشەی (١) ڕوونە ، لە باکورەوە هاوسنوورە لەگەڵ گوندی قاسم ئاغا، لە ڕۆژهەڵاتەوە لەگەڵ ڕووباری سیروان، لە بەشی ڕۆژئاوا ناحییەی ڕزگاری، لە باشوریشەوە شارەدێی گردەگۆزینە.

ب- سنوری کاتی  لێکۆڵینەوەکە: بریتییە لەساڵی خوێندنی (٢٠٢٢).

ج- سنوری بابەتی لێکۆڵینەوەکە: سنووری بابەتی دەچێتە چوارچێوەی جوگرافیایی شارەوە.

نەخشەی (١) شوێن و پێگەی شاری کەلار




سەرچاوە/کاری توێژەران بەپشت بەستن بە:

١- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار،بەڕێوەبەرایەتی گشتیی سەرۆکایەتی شارەوانییەکانی گەرمیان، شارەوانی کەلار،زانیاری(gis) نەخشەی بنەرەتی شاری کەلار بڵاونەکراوە،٢٠٢٢.

٢- بنار حسن محمد عبدالرحمان، کاریگەری ڕێگاوبان و جوڵەی گواستنەوەی ناوخۆیی(ئۆتۆمبێل) لەبنیادنانی پیشەیی و ئاوەدانکردنەوەی شاری کەلار،نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان،بڵاونەکراو،٢٠١٧.

## پلانی توێژینەوە:

توێژینەوەکە بریتیە لەهەڵسەنگاندنێکی جوگرافی بۆ بەکارهێنانی زەوی شارنیشینی لەشاری کەلار، بەپێی پێوەری پلانسازی عێراق و جیهانی، دابەشکراوە بە سەر سێ تەوەردا، تەوەرەی یەکەم،کەتواری ڕووبەر و ڕێژەی بەکارهێنانی زەوی شارنشینی لەناوچەی لێکۆڵینەوە،تەوەرەی دووەم،پەرەپێدانی بەکارهێنانی زەوی لەسەر بنەمای ستانداردی جیهانی، تەوەرەی سێیەم، هەڵسەنگاندنی زەوی لەناوچەی لێکۆڵینەوەدالەسەر بنەمای پێوەری عێراق و جیهانی.

## تەوەری یەکەم/ کەتواری رووبەر و رێژەی بەکارهێنانی زەوی شارنشینی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە.

نەخشەی بەکارهێنانی زەوی بە گرنگترین توانستەکانی پلاندانانی دروست دادەنرێت بۆ شار و پەرەپێدانی شارنشینی، چونکە پلانێکی لۆجیکی ئاستی زانیاری لەسەر ناوچە شارنشینەکان و گەشەی شارنشینی و شیکاری چەندێتی بۆ رووبەرە تایبەتەکان بۆ هەر جۆرێک لەجۆرەکانی بەکارهێنانی زەوی دیاری دەکات (Bartholomew, ,1963:265)، واتە دابەشبوونی شوێن بۆ پیشە جیاوازەکانی شار، لەبەرئەوەی شار خۆی دەبینێتەوە لە چالاکی جۆراوجۆر(الهیتي و حسن، ١٩٨٦: ٨٣)، لەوانە بەکارهێنانی زەوی بۆنیشتەجێبوون، بازرگانی، پیشەسازی، خزمەتگوزاری و کاتبەسەربردن، وە چۆنیەتی دیزاینکردنی رێگاوبانەکان و بەستنەوەی رێگاوبانەکان بەوانەی کە هەن، بە پشتبەستن بە پێوەرگەلێکی بنەڕەتی شار (الهیتي،٢٠١٦: ٧٨) ، چڕی چالاکییە پیشەییەکانی شار بەستراوەتەوە بە قەبارە و گرنگی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئەو پیشانەی بۆشایی شوێنی دەگرێتەوە بە شێوەی بەکارهێنان شانبەشانی زەوی شارنیشنی لە شاردا. دەکرێت چەمکی بەکارهێنانی زەوی شارنشینی بدرێتە پاڵ کۆمەڵێک لە چالاکییە پیشەییەکان، کە پێکەوە کاردەکەن و هەموویان ئاوێتەی یەکتر دەبن لە چوارچێوەی پەیکەری ئاوەدانکردنەوەی شاردا (محمود،:٤).

ئامانج لە بەکارهێنانی زەوی شارنیشینی باشترکردنی توانا و چالاکی سیستەمە گشتییەکانە لە سەر ئابوری و کۆمەڵگا، بۆیە(Abrams) پێنج ئامانجی گشتی دانا، کە وا لە یاساکانی بەکارهێنانی زەوی دەکات بۆ بەرژەوەندی گشتی بن لەوانە: (Needham,Barrie 2006:3)

١- رێگریکردن لە هەڵە بەکارهێنانی زەوی بۆئەوەی کاریگەری نەبێت لە سەر کۆمەڵگا.

٢- رێکخستنی بارودۆخی بەکارهێنانی زەوی

٣- پاڵپشتیکردنی بەکارهێنانی زەوی بە مەبەستی پێشکەوتنی هاوتەریب لەگەڵ کۆمەڵگادا، پاراستنی شوێنەکانی نیشتەجێبوون و بازرگانی و پیشەسازی و بەکارهێنانەکانی تر.

٤- خۆپاراستن لە خراپ بەکارهێنانی زەوی شارنشینی

٥- ئاراستەکردنی دووبارە بەکارهێنانی زەوی بۆ مەبەستگەلێکی گونجاوتر.

خستنەڕووی پلانێکی باش بۆ بەکارهێنانی زەوی لە شاردا یەکێکە لە ئامانجە گرنگەکانی پەرەپێدانی شارنشینی بەردەوام و یارمەتیدەرە لە بەکارهێنانی نموونەیی بۆ دەرامەتە سروشتییەکان، کە کاریگەریی نەرێنی لە سەر ژینگە نییە، هەروەها دەبێتە هۆی بەدیهێنانی هاوسەنگی رێژەیی لە دابەشبوونی خزمەتگوزارییە جیاوازەکان و دیاریکردنی چڕی دانیشتووان لە رووبەرێکی دیاریکراودا، لە دەرئەنجامی دابەشبوونی نیشتەجێبوون بە شێوەیەکی گونجاو لە ناوچەکانی شاردا، وە نەهێشتنی بەهەدەردانی زەوییە کشتوکاڵییەکانی شار. بەکارهێنانی زەوی لە شارەکاندا لە دیاردە گرنگەکانە و راستەوخۆ رەنگدانەوەی سروشتی فەلسەفەی ئەو پلانەیە کە ئەم جۆراوجۆرییەی لە بەکارهێنانی زەوی شارەکاندا خولقاندووە (غنیم،٢٠٠٨: ٣٨) ، هەر بەکارهێنانێکیش رەنگدانەوەی گرنگی ئەو بەکارهێنانەن، لە هەمانکاتدا گرنگترین بنەمای بوون و بەردەوامی شارو پێشکەوتنن لە داهاتوودا (محسن،٢٠٠٢: ٥٨)، مەرج نییە رێژەی هەر بەکارهێنانێکی زەوی بە واتای گرنگی ئەو بەکارهێنانانە بێت، لە رووی ئابووری و کۆمەلایەتیەوە، بەڵکو هۆکارە ئابوورییەکە کاریگەری بەسەر دابەشبوونی بەکارهێنانەکانەوە هەیە لە چوارچێوەی شارەکاندا.


هەوڵدەدرێت لەم تەوەرەدا باس لە کەتواری بەکارهێنانی زەوی بکرێت لە ناوچەی لێکۆڵینەوەکە، لە رێگەی دابەشبوونی رووبەری بەکارهێنراو لە ناوخۆی شاردا، کە رووبەرەکەی دەگاتە (٢٩٣٥.٢) هێکتار لە کۆی رووبەری شارەوانی،وە(١٨٨١.٦) لە کۆی رووبەری ئاوەدانی، لە نەخشەی (٢) و خشتەی (١) بەکارهاتووە، رووبەری هەموو بەکارهێنانەکان پیشاندراوە.

خشتەی (١) رووبەرو رێژەی بەکارهێنانی زەوی لەناوچەی توێژینەوە بەهێکتار بۆ ساڵی(٢٠٢٢)

| جۆری بەکارهێنان | رووبەر بە هێکتار | رێژەکەی لەکۆی رووبەری ئاوەدانی٪ | رێژەلەکۆی رووبەری شار٪ |
|---|---|---|---|
| نیشتەجێبوون | 585.3 | 31 | 20 |
| بازرگانی | 114.1 | 6 | 3.88 |
| پیشەسازی | 68 | 3.6 | 2.31 |
| گواستنەوە | 459.77 | 24.43 | 15.6 |
| خۆشگوزەرانی | 90.35 | 4.80 | 4 |
| فێرکاری | 114.1 | 6 | 3.88 |
| تەندروستی | 8.5 | 0.45 | 0.28 |
| ئاینی | 22 | 1.16 | 0.74 |
| سەوزایی | 376.9 | 20 | 12 |
| زەوی بەتاڵ و بەکارهێنانەکانی تر | 48.2 | 2.56 | 1.61 |
| زەوی بەتاڵ لەسەر ئاستی سنووری شارەوانی | 1048 | | 35.7 |
| کۆی گشتی | 2935.2 | 100 | 100 |

کاری توێژەران، بەپشت بەستن بە نەخشەی (٢).

نەخشەی (٢) بەکارهێنانی زەوی شارنیشینی لە ناوچەی توێژینەوە لەساڵی (٢٠٢٢)




سەرچاوە: کاری توێژەران بەپشتبەستن بە:

١- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار،بەڕێوەبەرایەتی گشتیی سەرۆکایەتی شارەوانییەکانی گەرمیان، شارەوانی کەلار،سەرچاوەی پێشوو.

2- ArcMapGIS Version (10.8.2) 2021, Basemaps: (Imagery, Imagery with labels, Street) -2

٣- بنار حسن محمد عبدالرحمان، کاریگەری ڕێگاوبان و جوڵەی گواستنەوەی ناوخۆیی(ئۆتۆمبێل) لەبنیادنانی پیشەیی و ئاوەدانکردنەوەی شاری کەلار،سەرچاوەی پێشوو.

١- بەکارهێنانی نیشتەجێبوون:


بەکارهێنانی زەوی بۆ نیشتەجێبوون لە بەکارهێنانە سەرەکییەکانە لە شاردا، بنەرەتی دروستبوونی شار دانیشتوانە، بۆیە جوگرافیای شار وەک شێوەیەک لە شێوەکانی نیشتەجێبوون لە شار دەڕوانێت (الشواورة،٢٠١٢: ٢٨٠-٢٨١)، پێشکەوتنی بەکارهێنان و زیادبوونی نیشتەجێبوون بە واتای پێشکەوتنی بەکارهێنانەکانی تر دێت لە ناوخۆی شاردا (حسن،١٩٧٦:٩٣)، ئەم بەکارهێنانە لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا بەشی هەرە زۆری ڕووبەری زەوی بۆ تەرخانکراوە دەگاتە (٥٨٥.٣) هێکتارە لە کۆی ڕووبەری شار کەدەگاتە(٢٩٣٥.٢)هێکتار، ڕێژەکەشی لە کۆی ڕووبەری شار دەکاتە (٢٠٪)وە ڕووبەری ئاوەدانیش لەناوچەی توێژینەوە دەگاتە(١٨٨١.٦)هێکتار،ئەمەش واتا ڕێژەکەی لەکۆی ڕووبەری ئاوەدانی نزیکەی(٣١٪)،لە خشتەی ژمارە (٢)دا دەردەکەوێت شاری کەلار پێک دێت لە (٣٤)گەڕەک. هەندێکیان زۆر کۆنن لەگەڵ پەیدابوونی شارەکەدا پەیدابوون، کە بریتین لە گەڕەکەکانی (بنگرد، کەلاری کۆن، شۆڕش١، شۆڕش٢، سەرکەوتن، ئازادی و بەردەسوور)، گەڕەکە نوێیەکانیش پێکدێت لە (شەهیدان، ئەندازیاران، مامۆستایان، رزگاری، ئەنفالەکان، ئاوارەکان، شارەوانی١، شارەوانی٢، دریم لاند، کەلاری نوێ، خەبات، ڕووناکی، پیشەسازی، حەمرین، شێروانە، سیروان، گۆران، هێلان ستی، گەرمیان، جوتیاران و مەتارەکە).

خشتەی (٢) گەرەکەکانی شاری کەلاربەگوێرەی تایبەتمەندی رووبەر،ژمارەی دانشتوان،ژمارەی خێزان،چڕی گشتی بۆ ساڵی(٢٠٢٢)

| ناوی گەرەک | رووبەر بە هێکتار | ژمارەی ئەندامانی خێزان | ژمارەی خێزان | چڕی/کەس/هێکتار |
|---|---|---|---|---|
| پیشەسازی | 226.5 | 697 | 146 | **3.07** |
| تابلۆ (کەلاری نوێ) | 53.3 | 769 | 146 | **14.42** |
| کەلاری کۆن | 88.6 | 4576 | 991 | **51.64** |
| جوتیاران | 62.7 | 5417 | 1057 | **86.39** |
| شارەوانیی 2 | 39.1 | 3016 | 591 | **77.13** |
| شارەوانیی 1 | 48.6 | 4576 | 991 | **94.15** |
| ئاوارەکان | 10.5 | 2005 | 394 | **190.95** |
| ئەنفالەکان | 23.6 | 658 | 147 | **27.88** |
| رزگاری | 51.5 | 4562 | 912 | **88.58** |
| مامۆستایان | 49.2 | 7201 | 1484 | **146.36** |
| خەبات | 44.9 | 10812 | 1985 | **240.80** |
| راپەرین | 78.9 | 14056 | 2810 | **178.14** |
| شەهیدان | 34.4 | 9138 | 1811 | **265.63** |
| فەرمانبەران | 68.6 | 8981 | 1735 | **130.91** |
| شۆرش | 38.6 | 6928 | 1481 | **179.48** |
| مەطارەکە | 42.4 | 630 | 105 | **14.85** |
| بنگرد | 49.2 | 8902 | 1868 | **180.93** |
| شێروانە | 97.9 | 9159 | 1832 | **93.55** |
| حەمرین | 90.1 | 8347 | 1661 | **92.64** |
| سیروان | 43.4 | 8139 | 1704 | **187.53** |
| ئەندازیاران | 17.5 | 1200 | 200 | **68.57** |
| گۆران | 68.5 | 11113 | 2214 | **162.23** |
| رووناکی | 55.8 | 1229 | 246 | **22.02** |
| نەورۆز | 27.8 | 894 | 162 | **32.15** |
| ئازادی | 74.1 | 10907 | 2265 | **147.19** |
| سەرکەوتن | 59.2 | 10183 | 2265 | **172.01** |
| لانە سیتی | 23.1 | 1980 | 330 | **85.71** |
| پیشەوەران | 53.8 | - | - | **-** |
| بەهەشتی مامۆستایان | 83.4 | - | - | **-** |
| بەردەسوور | 138.2 | 5575 | 1160 | **40.34** |
| دریم لاند | 13.2 | 1110 | 185 | **84.09** |
| نەوژین سیتی | 10.1 | - | - | **-** |
| گەرمیان | 14.9 | 2051 | 430 | **137.65** |
| کۆی گشتی | 1881.6 | 164811 | 33308 | **3297.12** |

سەرچاوە/کاری توێژەران بەپشت بەستن بەسەرۆکایەتی شارەوانی کەلار و بەرێوەبەرایەتی باجی خانووبەرەی گەرمیان، هۆبەی زەویی و زار.
ئەو گەرەکانەی لە قۆناغی دروستکردندان هەندێکیشیان تەواو بوون وەکو (لانەستی، پێشەوەران، بەهەشتی مامۆستایان، نەوژن ستی٣ و پیشەسازی).
ژمارەی خانوو لە ناوچەی لێکۆڵینەوەکە پێکهاتووە لە (٣٦١٨٨) یەکەی نیشتەجێبوون (کاری توێژەران بە پشتبەستن بە بەرێوەبەرایەتی باجی خانووبەرەی گەرمیان،٢٠٢٢)، کە نزیکەی(١٦٤٨١١) کەس تێیدا دەژی، بەمەش چڕی گشتی لە ناوچەی لێکۆڵینەوەکە لە ساڵی (٢٠٢٢)دا گەیشتووە بە (٥٦.١٤)کەس/هێکتار، بەڵام چڕی پوخت(صافي) دانیشتوان لە هەمان ساڵدا گەیشتووە بە (٨٧.٥٩) کەس/هێکتار.

**نەخشەی(٣) دابەشبونی چڕی دانیشتوان بەگوێرەی گەرەکەکانی شاری کەلار ساڵی(٢٠٢٢)**




سەرچاوە: کاری توێژەران بەپشت بەستن بەخشتەی ژمارە(٢).

لە خشتەی (٢) وە نەخشەی ژمارە(٣)بۆمان ڕووندەبێتەوە، چڕی گشتی دانیشتوان لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا دابەشدەبێت بە سەر پێنج گروپ، یەکەمیان ڕێژەی چڕی لە نێوان (٠.٠٠-١٥.٠٠) کەس لە گەڕەکەکانی (پیشەسازی، مەتارەکە، نەوژین ستی، پیشەوەران، بەهەشتی مامۆستایان،)دایە، دووەم لە نێوان (١.١٥-٥٠.٠٠) لە گەڕەکەکانی (بەردەسور، نەورۆز، ڕووناکی، ئەنفالەکان)، سێیەم لە نێوان(٥٠.١-١٠٠.٠٠) لە گەڕەکەکانی (لانەستی،حەمرین، شێروانە، کەلاری کۆن، جوتیاران، شارەوانی١، شارەوانی٢، ڕزگاری،ئەندازیاران، دریم لاند)چوارەم لەنێوان(١٠٠.١-٢٠٠.٠٠)پێک دێت لەگەرەکەکانی(مامۆستایان،ڕاپەرین،شۆرش،فەرمانبەران،بنگرد،سەرکەوتن،گۆران،ئازادی،سیروان،گەرمیان)،پێنجەم لەنێوان(٢٠٠.١-٢٦٥.٦)ئەوانیش گەرەکەکانی(شەهیدان،خەبات).

٢- بەکارهێنانی زەوی شارنیشینی بۆ بازرگانی:

بەکارهێنانی زەوی بۆ مەبەستی بازرگانی لە شاردا بەشێکی گرنگ پێکدەهێنێت، سەرەڕای گرنگییەکەی ڕووبەرێکی کەم داگیردەکات لە کۆی ڕووبەری شاردا، ئەمەش دەکەوێتە سەنتەری شارەوە (Jones, E.,1976: 25)، خزمەتگوزاری پێشکەش بە دانیشتوانی شار و هەرێمی شار دەکات. ڕووبەری بەکارهێنانی بازرگانی لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا دەگاتە(١١٤.١) هێکتار، لە کۆی ڕووبەری ئاوەدانی دەکاتە (٦٪)،لە کۆی ڕووبەری شاردا دەکاتە (٣.٨٨٪)، ئەم

بەکارهێنانەش پێکهاتووە لە (٨٠٣٦) دوکان، لەگەڵ (٢٦٣٩) کۆگا (کاری توێژەران بە پشتبەستن بە بەڕێوەبەرایەتی باجی خانووبەرەی گەرمیان)، وە (٧)پێشانگای ئۆتۆمبێل، ئەمەش بەشێوەیەکی جیاواز دابەشبووە بەسەر گەڕەکەکانی شارەکەدا، لە خشتەی ژمارە (٢)دا ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی (٣) دابەشبوونی دووکانە بازرگانییەکان بەسەر گەڕەکەکانی شاری کەلار بۆ ساڵی (٢٠٢٢)

| ناوی گەرەک | ژمارەی دووکان | ژمارەی کۆگا |
|---|---|---|
| بازار | 3329 | 1386 |
| فەرمانبەران | 315 | 162 |
| بنگرد | 293 | 194 |
| شێروانە | 65 | 66 |
| کەلاری نوێ | 70 | 1 |
| گازینۆ1 | 187 | 97 |
| گازینۆ2 | 3 | 0 |
| بەردەسوور | 149 | 194 |
| ئازادی | 177 | 33 |
| پیشەسازی | 1433 | 27 |
| شۆرش1 | 182 | 63 |
| شۆرش2 | 123 | 37 |
| کەلاری کۆن | 256 | 119 |
| راپەرین | 114 | 74 |
| هێلان ستی | 67 | 1 |
| سەرکەوتن | 175 | 108 |
| لانەستی | 12 | 0 |
| سیروان | 176 | 75 |
| حمرین | 78 | 2 |
| مامۆستایان | 78 | 0 |
| شەهیدان | 754 | 0 |
| کۆی گشتی | 8036 | 2639 |

سەرچاوە/کاری توێژەران، بەپشت بەستن بە بەرێوەبەرایەتی باجی خانووبەرەی گەرمیان، هۆبەی زەوی و زار، ژووری ژمارە٤.

بەگوێرەی خشتەکە روون دەبێتەوە، کە زۆربەی زەوی  بۆ بەکارهینانی بازرگانی دەکەوێتە سەنتەری شارەوە (CBD)، نزیکەی (٣٣٢٩) دوکان لەخۆدەگرێت، سەرجەم پێداویستییەکانی دانشتووانی تێدا بەدەستدەخرێت. لە دوای ناو بازاڕ ناوچەی پیشەسازییەکە (١٤٣٣) دوکانی تێدایە،پاشان گەرەکەکانی (فەرمانبەران، بنگرد، گازینۆ١، شەهیدان، بەردەسوور، ئازادی، شۆرش١ و ٢، کەلاری کۆن و سیروان) زۆربەی ئەم گەڕەکانە دەکەونە سەر شەقامە سەرەکییەکانی شارەکە، هەندێکیان گەرەکە کۆنەکانن کەوتوونەتە ناوچەی (CBD)، ئەمەش بە هۆی جەنجاڵی بازاڕ زۆربەی زۆری خاوەن ماڵەکان شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان بەجێدهێڵن دەیکەن بەدوکانی بازرگانی، بە تێروانین لە خشتەکە روونەدبێتەوە، شاری کەلار لە رووی خزمەتگوزاری بازرگانی فراوانبوونێکی باشی بەخۆوەبینیوە، بۆیە رێژەکەی لە سەر بنەمای ستاندارە جیهانییەکان تارادەیەکی باش گونجاوە، واتە لە رووی پەرەپێدانەوە پەرەپێدانێکی باشی بەخۆیەوە بینیوە.


٣- بەکارهێنانی پیشەسازی

بەکارهێنانی زەوی بۆ پیشەسازی پەیوەستبوو بە شارەوە زیاتر لە سەرەتای سەدەی نۆزدە و دەرکەوتنی شۆڕشی پیشەسازی، هزری جیهانی شارنشینی لە ئێستادا ئاراستەی نەبوونی چالاکییە پیشەسازییەکانە لە ناوخۆی شاردا، ئەمەش لە ئەنجامی دەرهاویشتەکانی ئەم چالاکییە کە بەشدار دەبێت لە تێکڕای پیسبوونی ژینگەی شارەکان (جابر، ٢٠٠٦: ٥٢)، کۆی رووبەری بەکارهێنانی زەوی پیشەسازی لە شاری کەلار دەگاتە (٦٨) هێکتار لە کۆی رووبەری شار بۆ ساڵی (٢٠٢٢)، رێژەکەشی بە پێی رووبەری ئاوەدانی دەگاتە (٣.٦٪) و بە پێی رووبەری شار دەگاتە(٢.٣١٪)، ئەمەش رێژەیەکی کەمە بە پێی پێوەر و ستانداردە جیهانییەکان کە دەگاتە(٨٪)، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر گرنگیدان بە لایەنی بازرگانی بەراورد بە پیشەسازی بە هۆکاری هەڵکەوتەی جوگرافییەکەی.

٤- بەکارهێنانی فێرکاری

بەکارهێنانی زەوی بۆ مەبەستی فێرکاری لە بەکارهێنانە هەرە گرنگەکانی خزمەتگوزاری لە شاردا دادەنرێت، بەو پێیەی خودی فێرکردن ئامرازێکی گرنگی پەرەپێدانە، کەرەستەی پێشکەوتن و پەرەپێدانی مرۆیی و پەرەپێدانی شارنشینییە و پەیوەستە بە دروستکردنی هزری مرۆڤ و بنەمای پێشکەوتنی کۆمەڵگا و پەرەپێدانێتی (الحاج مجد, ٢٠١٠: ٣). بەکارهێنانی زەوی فێرکاری لە شاری کەلار دەگاتە (١١٤.١) هێکتار، لە کۆی رووبەری ئاوەدانی شارەکە رێژەکەی دەگاتە (٦٪)، لە کۆی رووبەری شاردا دەگاتە(٣.٨٨٪)، بە گوێرەی شێوەی ژمارە (١)، رووندەبێتەوە خزمەتگوزاری فێرکاری بە شێوەی یەکسان بەسەر گەڕەکەکانی شاری کەلاردا دابەشنەبووە، هەندێک لە گەڕەکەکان بەتەواوەتی بێبەشن لەم خزمەتگوزارییە، یان بە پێی پۆلێنی قوتابخانەکان بە شێوازی نارێک دابەشبوونە.

شێوەی (١) دابەشبوونی ژمارەی خزمەتگوزارییە فێرکاریەکان بەگوێرەی گەڕەکەکانی شاری کەلار ساڵی (٢٠٢٢)




سەرچاوە/ کاری توێژەران بەپشتبەستن بە،حکومەتی هەرێمی کوردستان،وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی گەرمیان، داتای بڵاونەکراو،٢٠٢٢.

لە ئێستادا ژمارەی قوتابخانەی ئامادەیی (٢٥) قوتابخانەیە و یەک ئامادەیی پیشەیی حکومی هەیە، هەروەها قوتابخانەی بنەرەتی (٥٩) قوتابخانەیە، ژمارەی باخچەی منداڵان (١٣) باخچەیە، (٥) دایەنگەی تایبەت هەیە، یەک زانکۆو (٤) پەیمانگا (بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی گەرمیان،٢٠٢٢) دابەشبوونە بەسەر گەڕەکەکانی شاردا، لە گەڕەکەکانی (شارەوانی٢، کەلاری کۆن، مامۆستایان، ڕاپەرین، شەهیدان، شۆرش، بنگرد، حەمرین و گۆران) ژمارەی قوتابخانەی بنەڕەتی لە نێوان (٣-٦)دایە، لە گەڕەکەکانی (شارەوانی١، خەبات، مەتارەکە، ئازادی، ئەنفالەکە، پیشەسازی و رووناکی) قوتابخانەی بنەڕەتی تێدانییە، سەبارەت بە قوتابخانەی ئامادەیی لە گەڕەکەکانی (کەلاری کۆن، شارەوانی٢، شارەوانی١، ئەنفالەکان، رزگاری، مامۆستایان، ڕاپەرین، شەهیدان، فەرمانبەران، شۆرش، بنگرد، حەمرین، سیروان، ئەندازیاران، گۆران، رووناکی، سەرکەوتن، گەرمیان و بەهەشتی مامۆستایان) لە نێوان (١-٢) ئامادەییە، تەنها گەڕەکی فەرمانبەران نەبێت (٣) ئامادەیی تێدایە، لە گەڕەکەکانی تر تێیدانییە، باخچەی منداڵان تەنها لە گەڕەکەکانی (کەلاری کۆن، شۆرش، بنگرد، ئەندازیاران، رووناکی، نەورۆز، بەردەسور، دریم لاند و نەوژن ستی)دا هەیە. دایەنگە لە ( فەرمانبەران، رزگاری و شێروانە)هەیە.

٥- بەکارهێنانی تەندروستی

ئەم بەکارهێنانە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە تەندروستی مرۆڤەوە هەیە، ئامانج لەم خزمەتگوزارییە پێشکەشکردنی چارەسەر و چاودێریکردنی دانیشتووانە، بەکارهێنانی زەوی بۆ کەرتی تەندروستی دەگاتە (٨.٥) هێکتار لە کۆی رووبەری شار، رێژەکەی دەگاتە (٠.٤٥٪) لە کۆی رووبەری ئاوەدانی، وە (٠.٢٨٪) لە کۆی رووبەری شار، خزمەتگوزاری تەندروستی لە شاری کەلار پێکهاتووە لە (١) نەخۆشخانەی گشتی کەلار، نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب بۆ ژنان و منداڵبوون، نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار، (٨)نەخۆشخانەی تایبەتی هەیە بە ناوەکانی (کەلاری تایبەت، شاری پزیشکی گەرمیان، نەخۆشخانەی لایف، نەخۆشخانەی خزمەت، کۆمەڵگای پزیشکی جاف ،بەخشین، هانا و شێروانە)، (٣)سەنتەریش هەیە بە ناوەکانی (سەنتەری گورچیلە، دەروونی، دەم و ددان و جوانکاری)، (٤) سەنتەر تەندروستیش هەیە لەگەڵ (٢) بنکە یەکێکیان لە ناو گرتووخانەی کەلارە و یەکێکیشیان لە ناو کەمپی زانکۆی گەرمیانە، یەک کۆگای دەرمانی بەیانیان بەناوی کۆگای گەرمیان و دوو کۆگای تایبەتی ئێواران هەیە، (٦) نۆرینگەی حکومی و (٢٦٤) تایبەت لەگەڵ (٨٧) تاقیگە هەیە (بەڕێوەبەرایەتی ئاماری تەندروستی گەرمیان داتای بڵاونەکراوە، ٢٠٢٣). ئەمانەش بە شێوەی جیاواز دابەشبوون بە سەر سەنتەری شارەکە و گەڕەکەکانیدا، ئەم خزمەتگوزارییە کەمترین رێژەی وەرگرتوە لەکۆی بەکارهێنانی زەوی لەشاردا، لە کاتێکدا گرنگترین خزمەتگوزارییە بە هۆکاری ئەوەی پەیوەستە بە تەندروستی مرۆڤەوە.

٦- بەکارهێنانی ئاینی

بەکارهێنانی زەوی بۆ مەبەستی ئاینی لە ناوچەی لێکۆڵینەوەکەدا کۆی رووبەرەکەی دەگاتە (٢٢) هێکتار لە کۆی رووبەری شار، رێژەکەی (١.١٦٪) لە کۆی رووبەری ئاوەدانی،(٠.٧٤٪) لە کۆی رووبەری شار، ئەم بەکارهێنانە پێکهاتووە لە (٤٥) مزگەوت لەگەڵ دوو گۆڕستان و (٣) ناوەندی فێربوونی قورئان (بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەوقافی گەرمیان، داتای بڵاونەکراوە،٢٠٢٢)،لەناوچەی توێژینەوەدا دەرکەوتوە هەموو گەڕەکەکانی شارەکە مزگەوتی تێداهەیە.

٧- بەکارهێنانی خۆشگوزەرانی

ئەم بەکارهێنانە لە خزمەتگوزارییە گرنگەکانە لە سەر ئاستی جیهان گرنگی زۆری پێدەدرێت و هۆکارێکی گرنگە لە پیشاندانی پێشکەوتن یان دواکەوتنی هەر ناوچەیەک، رێژەی بەکارهێنانی خۆشگوزەرانی لە ناوچەی لێکۆڵینەوەکەدا دەگاتە (٩٠.٣٥) هێکتار لە کۆی رووبەری شار، رێژەکەی (٤.٨٠٪) لە رووبەری ئاوەدانی، (٣.٧٪) لە کۆی رووبەری شاردا. ئەمەش پێکهاتووە لە باخچەگشتییەکان ژمارەیان (١٢) باخچەیە لەگەڵ شاری یاری و شوێنی کات بەسەربردنی منداڵان ژمارەیان (٥) هۆڵی داخراو و یەک شاری یارییە، (بەڕێوەبەرایەتی وەرزش ولاوانی گەرمیان،٢٠٢٣)، هەروەها خواردنگە و رێستۆرانت و کافتریاکان ژمارەیان (١٧٤)ە، خزمەتگوزارییە وەرزشییەکان یاریگا، هۆڵی لەشجوانی و مەلەوانگە لەخۆدەگرێت، لەشاری کەلار (٢٤) هۆڵی لەشجوانی (٤) مەلەوانگە و (٥)یاریگا هەیە (بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان، بەڕێوەبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی گەرمیان،بەشی مۆڵەت،٢٠٢٣). خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی شوێنەوارە مێژووی، رۆشنبیری و کتێبخانەش لەخۆدەگرێت،(٤) هۆڵی رۆشنبیری و شانۆ و یەک کتێبخانەی گشتی هەیە، بەڵام لە ناو سەرجەم پەیمانگاکان و زانکۆدا کتێبخانە بوونی هەیە، خزمەتگوزارییە مێژوویەکانیش (٢) مۆزەخانە لە ناوچەی لێکۆڵینەوەکەدا هەیە (بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشتووگوزاری گەرمیان،٢٠٢٢).

٨- بەکارهێنانی گواستنەوە

بەکارهێنانی زەوی بۆ مەبەستی گواستنەوە لە بەکارهێنانە گرنگەکانە بە شادەماری شار دەژمێردرێت و لە شاردا پلەی دووەم وەردەگرێت لە دوای نیشتەجێبوون، ئەمەش بە هۆکاری ئەوەی گواستنەوە وێنای ئەو دەمارە دەکات، کە ژیانی شاری لەسەر بەندە و کاردەکات لە سەر پێکەوە بەستنی بەکارهێنانەکانی زەوی تێیدا و کاراکردنی لەگەڵ یەکتر، رووبەری بەکارهێنانی زەوی بۆ گواستنەوە لەشاری کەلار (٤٥٩.٧٧) هێکتارە لە کۆی رووبەری شار، رێژەکەی (٢٤.٤٣٪) لە کۆی رووبەری ئاوەدانی، (١٥.٦٪) لە کۆی رووبەری شار، ئەمەش خۆی دەبینێتەوە لە تۆڕی رێگاوبانەکان لە ناو شاردا، کە دابەشبووە بۆ رێگای خێرا رووبەرەکەی (١٠٨.٢٣) هێکتارە، رێگای سەرەکی رووبەرەکەی (٣١.٩٠) هێکتار، رێگای لاوەکی (٥١.٧٨) هێکتار، رێگای لاوەکی (کۆڵانەکان) (٢٦٧.٨٦) هێکتارە، خزمەتگوزارییەکانی تری وەکو تێرمیناڵەکان ژمارەیان (٢) تێرمیناڵە، یەکێکیان تێرمیناڵی گشتییە، ئەویتریان تێرمیناڵی ناوخۆی شارە،(٧) بەنزینخانە هەیە لەگەڵ (١١)پارک بۆ ئۆتۆمبێل لە شاردا (سەرۆکایەتی شارەوانی کەلار،٢٠٢٢).

٩- بەکارهێنانی سەوزایی

بەکارهێنانی زەوی بۆ سەوزایی جیاوازە لەشارەکاندا بەراورد بە بەکارهێنانەکانی تر، لە رووی رووبەریشەوە جیاوازە، ئەو رووبەرەی بۆ ناوچە سەوزاییەکان دانراوە جیاوازە لە شارەکاندا، نزیکەی (٥٪-٢٥٪)ە لە کۆی رووبەری شارەکانە، ئەمەش جیاوازی هەیە لە نێوان رووبەری ناوچەی سەوزایی لە شارەکانی وڵاتە پێشکەوتووەکان بەراورد بە رووبەری سەوزایی لە شارەکانی وڵاتە تازەپێشکەوتووەکان، لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا رووبەرەکەی فراوانترە، شاری کەلاریش لە رووی رووبەری سەوزایی دەگاتە (٣٧٦.٩) هێکتار لە کۆی رووبەری شار، رێژەکەی لە کۆی رووبەری ئاوەدانی (٢٠٪)ە، لە کۆی رووبەری شاردا (١٢ ٪) دەبێت، ئەمەش رێژەیەکی زۆر باشە بەگوێرەی ستانداردەکان.

١٠- زەوی بەتاڵ و بەکارهێنانەکانی تر

رووبەری زەوی بەتاڵ و کۆی سەرجەم بەکارهێنانەکانی تر لەشاری کەلاردا رووبەرەکەی دەگاتە(٤٨.٢) هێکتار لە کۆی رووبەری ئاوەدانکراو، واتە رێژەکەی (٢.٥٦) دەبێت و دەگاتە (١٠٤٨) هێکتار لە کۆی رووبەری شارەکەدا، رێژەکەشی (٣٥.٧٪) دەبێت.

## تەوەرەی دووەم/ پەرەپێدانی بەکارهێنانی زەوی لە سەر بنەمای ستانداردی جیهانی

بەکارهێنانەکانی زەوی بەوە پێناسە دەکرێت، کە بریتییە لە یەکەیەکی رووبەری بەکارهێنراو، بە بەکارهێنانێکی شارنشینی جیاواز لە رووبەردا بەپێی یەکە بیناسازییەکان، چۆن یەکەی بیناسازی دەربڕین دەکات لە بەکارهێنانی نیشتەجێبوون، کە بریتییە لە نیشتەجێبوون زۆرترین زەوییەکانی شار دەگرێتەوە، هەر سەرۆک خێزانێک ئارەزووی یەکەیەکی نیشتەجێبوونی سەربەخۆ دەکات، کەمتر نەبێت لە(١٥٠)م٢، لەکاتێکدا دامەزراوەی بازرگانی دووکانی تاک بێت یان کۆ رووبەرەکەی (١٢)م٢ زیاتر نییە، خزمەت بەسەدان خێزان دەگەیەنێت و لە کۆی رووبەرەکانی شاردا رووبەرێکی بچووک داگیردەکات، ئەمەش بەو واتایە نایەت، کە ئەمیان لەوی تریان گرنگترە، شارەزایانی بواری شار وپلاندانەران و جوگرافیناسەکان وا دەبینن بەکارهێنانە سەرەکییەکانی شار بەم شێوەیە دەبێت، کە لە خشتەی (٤)دا خراوەتەروو بە پێی ستانداردی جیهانی و عێراقی.

**خشتەی (٤) رێژەی بەکارهێنانی زەوی لە سەر بنەمای ستانداردی جیهانی و عێراقی بۆ ساڵی (٢٠٢٢)**

| رێژەی بەکارهێنانی زەوی بەپێی پێوەری عێراقی٪ | | | رێژەی بەکارهێنانی زەوی بەپێی پێوەری جیهانی٪ | |
|---|---|---|---|---|
| جۆری بەکارهێنان | بەرکەوتەی تاک بەپێوەری عێراقی/م٢ | رێژەکەی٪ | جۆری بەکارهێنان | رێژەکەی٪ |
| نیشتەجێبوون | ٤٥ | ٣٠ | نیشتەجێبوون | ٣٠ |
| بازرگانی | ٣ | ٣ | بازرگانی | ٣.٧ |
| پیشەسازی | ٥ | ٨ | پیشەسازی | ٨.٦ |
| گواستنەوە | ٢٥ | ٢٢ | **بەکارهێنانە گشتییەکان** | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| خۆشگوزەرانی | ٣٠ | ١.٤ | فێرکاری | |
| فێرکاری | ٩.٣ | ٦ | تەندروستی | ١٥ |
| تەندروستی | ١.٨ | ٠.١٧ | ئاینی<br>خۆشگوزەرانی<br>سەوزایی | |
| ئاینی | ٠.٤ | ٠.٣٣ | گواستنەوە | ٢٠ |
| سەوزایی | ١٥ | ١٥ | | |
| زەوی بەتاڵ وبەکارهێنانەکانیتر | ١٥ | ١٤.١ | زەوی بەتاڵ وبەکارهێنانەکانی تر | ٢٢.٧ |
| کۆی گشتی | ١٤٩.٥ | ١٠٠ | | 100 |

سەرچاوە: 1- جمهورية العراق ،وزارة الإعمار ولإسكان والبلديات والإشغال العامة، دائرة الإسكان، معايير الإسكان الحضري والريفي في العراق،٢٠١٨، الباب الرابع، ٢٢-٢٥.

2- محد مظفر صالح حشاش العبيدي، تقيم واقع التخطيط الحضري في أطار تجربة المجمعات السكنية الاستثمارية في محافظة الأنبار، رسالة ماجستير،غير منشورة،جامعة الانبار،الرماديو2022ص4.

3-كايد عثمان أبو صبحة،جغرافية المدن، ط3,دار وائل للنشر والتوزيع،،عمان،الأردن،٢٠١٠,ص247.

4-ياسين حميد بدع المحمدي،أخرون، تخطيط التنمية المكانية المستدامة،ط1،دار الوضاح للنشر والتوزيع، عمان،٢٠٢١،ص344.

5-زين العابدين علي صفر, تخطيط المدن أسس ومفاهيم وتطبيقات, ط1,دار الوضاح للنشر,عمان,2015,ص221-230.

لەخشتەی ژمارە (٤) روونەدبێتەوە، کە بەپێی پێوەری جیهانی و عێراق ڕێژەی بەکارهێنانی زەوی بۆ نیشتەجێبوون لە شاری گەورە یان بچووک لە پلەی یەکەمدا دێت و ڕێژەکەی لە (٣٠٪) کەمتر نییە لە کۆی ڕێژەی شاردا، ڕێژەی بەکارهێنانی گواستنەوە لەپلەی دووەمدا دێت، ڕێژەکەی(٢٠٪-٢٥٪) لە کۆی رووبەری شاردا، ڕێژەی بەکارهێنانی سەوزایی پلەی سێیەم وەردەگرێت بە پێی پێوەری عێراق، بەڵام پێوەری جیهانی لەگەڵ خزمەتگوزاری گشتی دایناوە، لە خشتەکەدا دەبینرێت بەکارهێنانی زەوی بۆ پیشەسازی بە گوێرەی هەردوو پێوەرەکە نزیکەی (٨٪)ی بەردەکەوێت لە شاردا، لە کاتێکدا ڕێژەی بەکارهێنانی بازرگانی (٣٪)یە و ڕێژەی رووبەرەکان پشتبەستن بە پشکی هەر تاکێک بە مەتری دووجا هەژمارکراوە. وەزارەتی پلاندانانی عێراق کۆمەڵێک ستانداردی داناوە، کە بناغەیەکن بۆ دابەشکردنی پشکی هەر تاکێک لە بەکارهێنانەکانی شارنشینی، خشتەکە روونی دەکاتەوە لە ڕێگەی شیکاری پشکی تاکەکان لە زەوییەکانی شار بەم شێوەیە:

١- بەکارهێنانی نیشتەجێبوون لە پلەی یەکەمدا دێت، بۆ هەرتاکێک (٤٠-٤٥)م٢ دەستنیشانکراوە لە سەر ئەو بنەمایەی، کە هەر خانوویەک خێزانێک لەخۆدەگرێت، هەر خێزانێکیش لە چەند تاکێک پێکدێت، هەر تاکێک پێویستی بە رووبەرێکە بۆ پشوودان، بەرکەوتەی تاک لە ناوچەی توێژینەوە بۆنیشتە جێبون (٣٥.٥١)م٢ ئەمەش کەمترە بەبەراورد بەپێوەری پلانسازی عێراق.

٢- سەرەڕای ئەوەی بەکارهێنانە خۆشگوزەرانیەکان بەشێکن لە بەکارهێنانی خزمەتگوزاری گشتی، بەڵام ستانداردی عێراق بەشێکی سەربەخۆی بۆ تەرخانکردووە (30)م٢ ی داوە بە هەرتاکێک، پێوەرە عێراقییەکە بە مەبەستی زیاتر رونکردنەوەی گرنگی ناوچە خۆشگوزەرانییەکان و ڕۆڵیان لە ژیانی خێزانی عێراقیدا لە رووی پشوو و کات بەسەربردنەوە پاش ماندووبون لە کاتژمێرەکانی کارکردن، لە کاتێکدا ستانداردی جیهانی لەگەڵ بەکارهێنانی خزمەتگوزاری دەستنیشانیکردووە، بەرکەوتەی تاک لەشاری کەلار بۆ خۆشگوزەرانی (٥.٤٨)م٢ ئەش زۆر کەمە بەبەراورد لەگەڵ پێوەری عێراق.

٣- ستانداردی عێراق بەشێکی تریان زیادکردووە ئەویش ناوچە سەوزاییەکانە، بەشی هەرتاکێک (١٥)م٢ یە، بە مەبەستی ئەوەی دانیشتوانی شار هەوایەکی پاک و خاوێن هەڵمژن،بەڵام لەناوچەی توێژینەوە بەرکەوتەی تاک بۆ سەوزایی(٢٢.٨٦)م٢ ئەمەش ڕێژەیەکی زۆر زۆر باشە لەشارەکەدا.

٤- بەشی هەرتاکێک لە بەکارهێنانی گواستنەوە بەپێی ستانداری عێراق (٢٥)م٢ یە، ئەم ڕێژە زۆرە بەو هۆکارەیە کە دانیشتوانی شار پێویستی بە شەقامە لە شوێنی نیشتەجێبوونییەوە تا دەگاتە شوێنی کارەکەی، بەتایبەتی زۆربەی دانیشتوانی شارەکان ئۆتۆمبێلی گشتی و تایبەت بەکاردەهێنن بۆ گواستنەوە لە نێوان بەکارهێنانە جیاوازەکانی شاردا شاری کەلاریش بەرکەوتەی تاک بۆ گواستنەوە (٢٧.٨٩)م٢ ئەمەش ڕێژەیەکی زۆر گونجاوە .

٥- بەکارهێنانی پیشەسازی بە پێی هەردوو پێوەرەکە وەکو یەکە بەشی هەرتاکێک (٥)م٢ یە، بەکارهێنانی بازرگانیش بەشی هەرتاکێک بە پێی پێوەری عێراق و پێوەری جیهانیش(3)م٢ یە لەناوچەی توێژینەوە بەرکەوتەی تاک بۆ پیشەسازی(٤،١٢)م٢ ئەش زۆر نزیکە لە پێوەری عێراق،هەروەها بەرکەوتەی تاک بۆ بازرگانی لەناوچەی توێژینەوە(٦،٩٢)م٢ ئەش ڕێژەیەکی زۆر بەرزو باشە بەهۆکاری شوێنە جوگرافیاکەی کەزیاتر ناوچەیەکی بازرگانییە وەک لەپێشتریش ئاماژەی پێکراوە.

٦- بەکارهێنانی فێرکاریش بەشی هەرتاکێک (٩.٣)م٢،لەناوچەی توێژینەوە (٦.٩٢)م٢ ئەمەش تارادەیەک نزیکە لەگەڵ پێوەرەکەدا، وە بۆ بەکارهێنانی تەندروستی بەرکەوتەی تاک لەپێوەری عێراق(١.٨)م٢، بەڵام لەناوچەی توێژینەوە دەگاتە(٠،٥١)م٢، ئەمەش زیاتر لەپێوەری عێراقیەکە، ئاینیش بەرکەوتەی تاک(٠.٤)م٢ لە ناوچەی توێژینەوە (١.٣٣)م٢ ئەمەش زۆر زیاترە لەپێوەری پلان سازی عێراق.

## تەوەرەی سێیەم: هەڵسەنگاندنی زەوی لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا لە سەر بنەمای پێوەری عێراق و جیهانی

یەکێک لەچەمکە بنەڕەتییەکان، کە توێژەران پشتی پێدەبەستن لە هەڵسەنگاندنی بەکارهێنانی دیاردە جۆراوجۆرەکان لە هەربوارێک لە بوارەکانی لێکۆڵینەوە، توانا و بەراوردکردنە، کە چەندین پێناسە کراوە بۆ (توانا)، ڕۆبەرتزیش(Roberts) پێیوایە، توانا بریتییە لە کرداری بەدەستهێنانی دەرئەنجام لە ڕێگەی گرتنەبەری ڕێگای جۆراوجۆر لە کارکردن لە پێناو گەیشتن بە دەرئەنجامی زانستی، کە لە ڕۆشنایدا هەڵسەنگاندن بکرێت بۆ توانا بەردەستەکان، وە بەشیوەیەک ئاراستە بکرێن زۆرترین سوود بە هاوڵاتیان بگەیەنێت بە کەمترین کات و کەمترین تێچوون ( سعید،شعلا، ٢٠١٤: ٣٢٢).

لە پێناو گەیشتن بە کرداری هەڵسەنگاندن و توانای بەکارهێنانی زەوی شارنیشینی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە پشت بە چەند پێوەرێکی وەزارەتی پلاندانان دەبەسترێت لە سەر ئەو بنەماییانە هەڵسەنگاندن بۆ بەکارهێنانی زەوی دەکرێت لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا.

هەڵسەنگاندنی بەکارهێنانی زەوی جیاوازە لە ژینگەیەکەوە بۆ ژینگەیەکی تر، بە هۆکاری ئەوەی هەر ژینگەیەکی شارنشینی پێوەری تایبەت بەخۆی هەیە، لەم لێکۆڵینەوەیەدا تەنها پشت بە پێوەری رووبەری دەبەسترێت، ئەم پێوەرە ئاماژە بۆ چەندێتی توانای بەکارهێنانی زەوی دەکات بۆ سەرجەم بەکارهێنانەکان لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا، لە رێگەی بەراوردکردنی بە پێوەری پلاندانانی عێراق و جیهانی.

بەتێروانیین بۆ خشتەی (١) روونده‌بێتەوە، رووبەری سەرجەم بەکارهێنانەکانی زەوی لە ناوچەی لێکۆڵینەوەکەدا، لەوانە بەکارهێنانی زەوی بۆ نیشتەجێبون رێژەکەی پلەی یەکەم وەردەگرێت، لە کۆی رووبەری شاردا (20٪)، ئەمەش رێژەیەکی گونجاو نییە بە پێی ستاندارد و پێوەری پلاندانانی عیراق و جیهانی رێژەکەی(٣٠٪)دیاریکراوە، لەگەڵ زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان و فراوانبوونی شارەکە بە شێوەیەکی گونجاو پێشکەوتنی نیشتەجێبوونی بەخۆیەوە نەبینیوە. بەکارهێنانی گواستنەوەش پلەی دووەم وەردەگرێت رێژەکەی (١٥.٦٪) لە کۆی رووبەری شار ,ئەم رێژەیە بە پێی پێوەری عێراق و جیهانی نییەپێوەری عێراق رێژەی(٢٢٪)داناوە لەکۆی رووبەری شار، لەگەڵ ئەوەی کار لەسەر پلان و پەرەپێدانی گواستنەوە کراوە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە، بەڵام پێویستی بە پەرەپێدانی زیاتر و بەردەوام هەیە بە هۆکاری ئەوەی شێوەی شارو سیستەمی شار پەیوەستە بە شێواز و سیستەمی تۆڕی رێگاوبانەکانی ناوخۆی شار و تەواوکەری یەکترن. رێژەی سەوزایی بەگوێرەی پێوەری عێراق پلەی سێیەم وەردەگرێت(١٥٪)،لەناوچەی توێژینەوەش لەپلەی سێیەم دایە رێژەی (١٢٪) لە کۆی رووبەری شار ئەمەش کەمترە لەپێوەری عێراق، رێژەی پیشەسازی لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا (٢.٣١٪) وەردەگرێت لە کۆی رووبەری شار، بە پێی پێوەری عێراق و جیهانی رێژەی (٨٪) وەردەگرێت ئەمەش زۆر کەمە گونجاونیە. رێژەی بازرگانی (٣.٨٨) لە کۆی رووبەری شار، ئەم رێژەیەش لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا رێژەیەکی زۆر بەرزە بە بەراورد بە پێوەرە عێراق و جیهانیەکان کە دەگاتە(٣٪)، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ شوێنە جوگرافییەکەی ناوچەکە. بەکارهێنانی فێرکاری رێژەکەی (٣.٨٨) لە کۆی رووبەری شار، ئەمەش زۆر گونجاوە لەگەڵ دووپێوەرەکەی تر. خزمەتگوزاری تەندروستی رێژەکەی(٠.٢٨٪) لە کۆی رووبەری شار، ئەم رێژەیەش رێژەیەکی گونجاوە لەگەڵ پێوەر عێراق بەڵام لەگەڵ پێوەرە جیهانییەکە گونجاونییە. بەکارهێنانی زەوی بۆ کەرتی خزمەتگوزاری و خۆشگوزەرانی لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا دەگاتە (٤٪) لە رووبەری شار، ئەمەش رێژەیەکی زۆر بەرزە بە بەراورد بە پێوەری عێراق و جیهانی. رێژەی خزمەتگوزاری ئاینی دەگاتە(٠.٧٤٪) لە رووبەری شار لەناوچەی توێژینەوە ئەمەش گونجاوە لەگەڵ پێوەری عێراق،بەڵام لەگەڵ پێوەری جیهانی گونجاونییە. رێژەی زەوی بەتاڵ لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا دەگاتە (٣٥.٧٪) لە کۆی رووبەری شاردا ئەم رێژەش زۆر زیاترە لە رێژەی دوو پێوەرەکەی تر. لە رێگەی خشتەی(١) و خشتەی (٤) و بەراوردکردنیان ئەوە روونده‌بێتەوە، کە شاری کەلار لە رووی پلانەوە پلانی نوێی بەکارهێناوە، هەروەها هەوڵیداوە کە رێکخستنەوە بکات بۆ بەکارهێنانەکان بە گوێرەی ستاندارد زیاتر گرنگی داوە بە کەرتی خزمەتگوزارییەکان لە شاردا بە تایبەتی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان و گشتییەکان، گرنگییەکی زۆری بە رێژەی سەوزایی و سیستەمی گواستنەوە داوە لە شاردا، لەگەڵ ئەوەشدا کەموکورتی لە هەندێک لە بەکارهێنانەکانی تردا هەیە و هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو رێژە زۆرەی زەوی بەتاڵ لە ناوچەی لێکۆڵینەوەکەدا، بۆیە پلانی بەکارهێنانی زەوی هەڵقوڵاوی پلانی بنەرەتییە بە ئەنجامی بیناوی پرۆسەی پلاندانان هەژماردەکرێت، لە کاتێکدا سیاسەتی تایبەت بە بەکارهێنانەکانی زەوی بە ئەنجامی نوسراو و ستانداردەکان هەژمار دەکرێت و پشتپێدەبەسترێت لە هەر وڵاتێک لە وڵاتەکانی جیهان(Altshuler , 1969:85)،

ئەو پەیوەندییە توندوتۆڵەی نێوان پلانی بنەڕەتی و بەکارهێنانی زەوی پێویستی بە ووردەکارییە (Patterson, T. William) پێیوایە، پلانی بنەڕەت و پەرەپێدان سێ پلان لەخۆدەگرێت:

ا- پلانی سەرەکی بەکارهێنانی زەوی

ب- پلانی خزمەتگوزارییەکانی کۆمەڵگا

پ- پلانی تۆڕی رێگا گشتییەکان

کۆمەڵێکی تر پێیانوایە پلانی بنەڕەتی چوار پلان لەخۆدەگرێت:

ا- پلانی بەکارهێنانی زەوییەکانی نیشتەجێبوون و پیشەسازی و بازرگانی و گواستنەوە و خزمەتگوزارییە گشتییەکان.

ب- پلانی خزمەتگوزاری ئاو و ئاوەڕۆ و تۆڕی وزەی کارەبا و تۆڕی ئاوی خواردنەوە و سەرجەم خزمەتگوزارییەکانی تر.

پ- پلانی خزمەتگوزارییە کۆمەڵگەییەکان تایبەت بە شوێن و جۆری قوتابخانە و دامەزراوە تەندروستی و رۆشنبیری و ئاینی و خۆشگوزەرانییەکان.

ت- پلانی تۆڕی شەقامەکان و گواستنەوەی ناوەکی و ئەو رێگایانەی پێوەی بەستراون لە دەوروبەری شاردا و جوڵەی گواستنەوەی تاک و شمەکەکان (Haar , 1959 :87).

پەیرەوکردنی پلان و سیاسەتی پلاندانان خۆی لە خۆیدا پەرەپێدانە لە هەر بوارێک لە بوارەکان، لەبەرئەوەیە سیاسەتی پلاندانان رێبەری پلاندانەرە بۆ ئەوشێواز و رێگایانەی کە دەتوانێت مانەوەی ئەو بەکارهێنانانەی لە شوێنەکانیاندا سەرکەوتنێکی روونیان بەدیهێناوە لە پەرەپێدانی شارنشینی و دەبێتە راستکردنەوەی ئەو بەکارهێنانانەی بەربەستن لە بەردەم پەرەپێدان، هەر بۆیە دانانی پلانێکی نوێ بۆ پلانی دانراو بە واتای پلانێکی ئەقڵانی و پەرەپێدانی بەردەوام دێت بۆ بەکارهێنانی زەوییەکانی شار و دەبێتە هۆکاری ژیانێکی شارنشینی خۆشگوزەران.

## دەرئەنجام:

لەپاش کۆتایهێنان بە تەواوی هەنگاوەکانی لێکۆڵینەوەکەدا، دەتوانین چەند دەرئەنجامێکی گرنگ دیاری بکەین لە لێکۆڵینەوەکەدا، ئەو دەرئەنجامانەش بریتین لە:

١- شوێن وپێگەی ناوچەی لێکۆڵینەوە خاوەن گرنگییەکی تایبەتی هەیە، بەو پێیەی خاڵی پێکەوە بەستنی هەرێمی کوردستانە بە ناوچەکانی باشورو باشوری ناوەراستی عێراقە، ناوچەی لێکۆڵینەوەکە لە رووی تایبەتمەندییە سروشتییەکەیەوە کاریگەری گەورەی هەیە لە سەر فراوانبوون و گەشەکردنی شار، بۆیە گرنگە بەردەوام هەوڵی راستەقینە بدرێت بەم شارە لە رووی پەرەپێدانی بەردەوام و بەرەوپێشبردن لە سەرجەم رووەکانەوە، بە تایبەت بەکارهێنانی زەوی شارنشینی بەردەوام لە ناوچەی لێکۆڵینەوەکەدا.

٢- لە ئیستادا ژمارەی دانیشتووان لە شاری کەلار کەنزیکەی (١٦٤٨١١) کەسە، سنوری ناوچەی لێکۆڵینەوەکە نزیکەی (٢٩٣٥.٢) هێکتارە، وە نزیکەی(١٨٨١.٦) هێکتار ئاوەدانە لەشارەکەدا.

٣-بەکارهێنانی زەوی بۆ نیشتەجێبوون بەگوێرەی خشتەی (١) لەپلەی یەکمدایە، رێژەی بەکارهێنانی زەوی بۆ گواستنەوە لە ناوچەکەدا پلەی دووەم وەردەگرێت، ئەمەش زۆر گونجاوە، تارادەیەک کێشەی هاتووچۆ و قەرەباڵغی کەمترە، هەروەها رێژەی سەوزاییش پلەی سێیەم وەردەگرێت، بەکارهێنانی زەوی بۆ بازرگانی و فێرکاری پلەی چوارەم وەردەگرێت لەکۆی بەکارهێنانی زەوی لەشاردا،ئەمەش گونجاوە لەگەڵ رێژەی ستانداردا، هەرچی بەکارهێنانی خۆشگوزەرانییە پلەی پێنجەم وەردەگرێت، ئەم رێژەش کەمە بەگوێرەی پێوەرەکان پێویستی بەدوبارە پلان و رێکخستن هەیە،لەرووی بەکارهێنانی زەوی بۆ پیشەسازی پلەی شەشەم وەردەگرێت.

٤- توانای بەکارهێنانی زەوی لەناوچەی لێکۆڵینەوەکەدا بە گوێرەی پێوەری (م٢/کەس)، لە بەکارهێنانێک بۆ بەکارهێنانێکی دیکە جیاوازە، بۆیە بەکارهێنانی زەوی بۆ (نیشتەجێبوون سەوزایی، گواستنەوە، خزمەتگوزاری ئاینی و فێرکاری تارادەیەکی باش گونجاوە لەگەڵ پێوەرەکاندا و لە ئاستێکی زۆرباشدان، وە ئەوانەی لە خوارەوەی پێوەری ستانداردن پێویستە بەشێوەیەکی باشتر بارودۆخیان باشتربکرێت.

## ڕاسپاردە:

ڕاسپاردەکان هەموو ئەو هەنگاوانەن، کە ئیمە ئاراستەی دەکەین بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی بەکارهێنانی زەوی شارنیشینی لەناوچەی لێکۆڵینەوە گرنگترینیان:

١- سوود وەرگرتن لەشوێن وپێگەی شاری کەلار، هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و پەیرەوکردنی پەرەپێدانی شارنیشینی بەردەوام لە ناوچەی لێکۆڵیینەوەکەدا و سوود وەرگرتن لە کەرتی تایبەت تاوەکو چارەسەری تەواوی کێشەکانی بەکارهێنانی زەوی بکرێت.

٢- هەوڵدان بۆ دروستکردنی پلانی ستراتیژی بەردەوام، بۆ خزمەتگوزارییە گشتی و خۆشگوزەرانییەکان و زیاتر گرنگیدان بەم خزمەتگوزاریانە و هاوتاکردنیان لەگەڵ پێوەرە نێوخۆیی و جیهانییەکان بەپشتبەستن بە گەشە و زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا.

٣- دانانی پلانێکی تۆکمە، کە بتوانێت پەرە بە سەرجەم بوارەکانی بەکارهێنانی زەوی بدات.

٤- سودوەرگرتن لەبنەما و پێوەرە جیهانییەکان تاوەکو لە رێگەیەوە تەواوی بەکارهێنانەکانی زەوی شارنشینی لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا لەگەڵ ستاندارە جیهانییەکان رێکبخرێتەوە، یان نزیک بکرێتەوە.

٥- هەوڵدان بۆ دروستکردنی هەماهەنگی و هاوکاری لە نێوان سەرجەم دامودەزگا و دامەزراوە ئەکادیمییەکان لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان و شارەوانی و زانکۆ و پەیمانگاکان و سەنتەرەکانی توێژینەوە لە شارەکەدا،تاوەکو پێکەوە سەرجەم کەموکورتیەکان دیاریبکەن و چارەسەربکرێت.

## لیستی سەرچاوەکان:


1. ابو صبحة، كايد عثمان ،جغرافية المدن، ط3, دار وائل للنشر والتوزيع، عمان،2010.
2. المحمدي، ياسين حميد,أخرون، تخطيط التنمية المكانية المستدامة،ط1، دار الوضاح للنشر والتوزيع، عمان،2021.
3. جابر، محمد مدحت ، جغرافية العمران الريفي والحضري، ط2, مكتبة الأنجلو المصرية،2006.
4. حسن، صالح فليح ،تطور الوظيفة السكنية المدينة بغداد الكبري،ط1،مطبعة الدار السلامة،بغداد ،1976.
5. الشواورة، علي سالم ، التخطيط في العمران الريفي والحضري، الطبعة الأولي دار المسيرة للنشر والتوزيع للنشر والتوزيع والطباعة،2012.
6. غنيم، عثمان محمد ، تخطيط أستخدام الأرض الريفي والحضري، الطبعة الثانية، دار صفاء للنشر والتوزيع-عمان، 2008.
7. محسن، سعيد جاسم، ادارة لأرض الحضرية في مدينة بغداد، أطروحة دكتوراه غير منشور، معهد التخطيط الحضري والإقليمي للدراسات العليا،بغداد،2002.
8. محمود، هديل موفق ،ادارة استعمالات الأرض الحضرية و علاقتها في التنمية المستدامة لطرق المدن، مدينة بغداد حالة دراسة، الجامعة التكنولوجيية، قسم الهندسة المعمارية,2018.
9. الهيتي، صبري فارس وحسن , صالح فليح ، جغرافية المدن، مديرية دار الكتب للطباعة والنشر، جامعة الموصل1986.
10. الهيتي، مازن عبدالرحمن ، جغرافية المدن والتحضر أسس ومفاهيم، دار العراب، دمشق ،2016.
11. زين العابدين علي صفر, تخطيط المدن أسس ومفاهيم وتطبيقات, ط1,دار الوضاح للنشر,عمان,2015,ص221-230.جمهورية العراق ،وزارة الاعمار ولإسكان والبلديات والأشغال العامة، دائرة الإسكان، معايير الإسكان الحضري والريفي في العراق،2018، الباب الرابع.
12. الحاج محمد، فريال واصف محمد, تقيم الخدمات التعليمية في مدينة طوباس بالإستيعانة بنظم المعلومات الجغرافية, رسالة ماجستير, قسم الجغرافية بجامعة النجاح الوطنية, نابلس, فلستين,2010.
13. سعيد، علي لفتة،أيمان عبدالحسين شعلاء تقيم كفاءة الخدمات التعليمية والصحية في المدينة الحيدرية (دراسة في جغرافيه المدن)، مجلة البحوث الجغرافيه ، العدد (19) ، 2014.
14. العبيدي، محمد مظفر صالح حشاش، تقيم واقع التخطيط الحضري في أطار تجربة المجمعات السكنيية الاستثمارية في موحافظة الأنبار، جامعة الانبار, رسالة ماجستيرغير منشورة،2022.
15. محسن، سعيد جاسم، ادارة لأرض الحضرية في مدينة بغداد، أطروحة دكتوراه غير منشور، معهد التخطيط الحضري والإقليمي للدراسات العليا،بغداد،2002.
16. عبدالرحمان، بنار حسن محمد، کاریگەری ڕێگاوبان و جوڵەی گواستنەوەی ناوخۆیی(ئۆتۆمبێل) لەبنیادنانی پیشەیی و ئاوەدانکردنەوەی شاری کەلار،نامەی ماستەر،بڵاونەکراوە، زانکۆی گەرمیان،کۆلێژی پەروەردە،٢٠١٧.
17. حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی پەروەردە،بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی گەرمیان،هۆبەی ئامار،داتای بڵاونەکراو٢٠٢٢.
18. حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری تەندروستی گەرمیان داتای بڵاونەکراو٢٠٢٣.
19. حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی ئەوقاف،بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەوقافی گەرمیان، داتای بڵاونەکراو،٢٠٢٢.
20. حکومەتی هەرێمی کوردستان،وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان،بەڕێوەبەرایەتی گشتی لاوان، بەڕێوەبەرایەتی لاوانی گەرمیان، ناوەندی وەرزش ولاوانی کەلار، داتای بڵاونەکراو٢٠٢٣.
21. حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی تەندروستی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان، بەڕێوەبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی گەرمیان،بەشی مۆڵەت،داتای بڵاونەکراو،٢٠٢٣

22. حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشتووگوزاری گەرمیان، داتای بڵاونەکراو، **2022**.

23. حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار سەرۆکایەتی شارەوانی کەلار، داتای بڵاونەکراو،٢٠٢٢.

24. کاری توێژەران بە پشت بەستن بە بەرێوەبەرایەتی باجی خانووبەرەی گەرمیان، هۆبەی زەویی وزار٢٠٢٢.

25. Altshuler, Alan A. The Planning process, comell university press, U.S.A, 1969.

26. Arc Map GIS Version (10.8.2) 2021, Base maps: (Imagery, Imagery with labels, Street)

27. Bartholomew, H., The Land use Survey in Mayer and Kohn, C.F, Readings in Urban Geography Chicago University Press, Chicago, 1963

28. Haar, Charles M., Land Use Planning, Acase book on the use, Misuse and Re-use of Urban Land, New York, 1959

29. Jones, E., towns and cities, Oxford University press, London, Oxford New York,1976.

30. Needham, Barrie. Planning Law and Economics; the rules we Make For using hand first Published by Routledge,2park Square2006.

**ABSTRACT**

This study is an attempt to present the reality of urban land uses in Kalar, a newly developed city in the Kurdistan Region, which is expanding significantly annually, especially after 2003, through a quantitative analysis method, in which data and information using Geographic Information System (GIS) are analyzed. The main objective of the study is to find the area and proportion of each use, according to the reality of the year (2022), then evaluate them according to local and global standards. After implementing all the steps of the study, it the findings show that:The percentage of land use for residential (20%), for transportation about (16%), while for commercial reaches (3.88%) and land use for greenery of all kinds reached about (12%). It is worth mentioning that these results show that in general the majority of land uses in the research area, they meet or are close to some extend to international and local standards